اقليم كوردستان العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء
مجلس المفوضين

Kurdistan Region – Iraq
The Independent High Elections and Referendum Commission
Board of Commissioners

هەرێمی کوردستان عێراق
کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕاپرسی
ئەنجومەنی کۆمسیاران

# بریار

## سکالاٚو تانەی قەوارەی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان

پالپشت بە برگەی (٤) لە ماددەی (٦) وە برگەی (٢) ی ماددەی (٩) لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن و راپرسی ژمارە (٤) سالی ٢٠١٤ و مادەی ٣١ لە یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) سالی ١٩٩٢ هەموار کراو ئەنجوومەنی کۆمسیاران دەسەلاتی چارەسەرکردن و یەکلایکردنەوەی ئەو سکالاو ناکۆبیانەی هەیە کە لە ئەنجامی خۆ ئامادەکردن و جێبەجێ کردنی هەلبژاردن و راپرسیە گشتیەکان دێنە ئاراوە)، ئەنجوومەنی کۆمسیاران سەیری گشت ئەو سکالایانەی کرد کە پێشکەش کرابوون لە تۆماری دەنگدەران لە ماوەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران لە رێکەوتی (٢١٠٨/٧/١١ ) تا (٢٠١٨/٨/١٨) یەکێك لەو سکالایانە لە لایەن قەوارەی (کۆمەلی ئیسلامی کوردستان ) پێشکەش کرابوو، ئەنجوومەنی کۆمسیاران لە کۆبوونەوەی رۆژی چوار شەممە رێکەوتی ٢٠١٨/٨/٢٩ سکالایەکەی بەم شێوەیەی خوارەوەی یەکلایی کردەوە :

ئەم سکالایە کە لە (٢١) خال پێك هاتووە ، ئەنجوومەنی کۆمسیاران خالەکانی ئەم سکالایەی بەم شێوەیەی خوارەوەی یەکلایی کردەوە :
تایبەت بە خالی یەکەم : بەپێی خالی (١) لە برگەی یەکەم لە ماددەی شەشەم لە یاسای کۆمسیۆنی باڵای هەلبژاردن وراپرسی ژمارە (٤) سالی ٢٠١٤ ئەنجومەنی کۆمسیاران دەسەلاتی دامەزران و نوێکردنەوە و بژارکردنی تۆماری دەنگدەرانی هەیە ...........) ، وە تۆماری دەنگدەران لە کۆمسیۆنی کوردستان پشتی بەستووە بە داتای وەزارەتی بازرگانی (فۆرمی خۆراك) کە بەنووسراوی فەرمی لە ٢١٠٧/١٢/٣١ لە وەزارەتی بازرگانی وەرگیراوە کراوەتە بنەما بۆ تۆماری دەنگدەران .

تایبەت بە خالی دووەم وسێیەم : تایبەت بە دەنگدانی تایبەت هەروەك لە مادەی (٦٠) یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١) سالی ١٩٩٢ هەموارکراودا هاتووە کە پرۆسەی دەنگدانی هێزەکانی ئاسایش و زیرەڤانی هەرێم (پێشمەرگە) و سوپا پێویستە پێش (٤٨) کاتژمێر پێش وادەی دەستپێکردنی هەلبژاردن دەست پێبکات ، بۆیە ئێمە وەك کۆمسیۆن بەهەماهەنگی لە گەل لایەنی پەیوەندیار بەم بابەتە کۆبوونەوەی خۆی لەگەلیان کردووە وە داوای ناوەکانیان کردووە، وە لەکاتی هاتنی ناوەکانی دەنگدانی تایبەت کۆمسیۆن هەلدەستێت بە جیاکردنەوەی ناوەکانی دەنگدانی تایبەت و دەرهێنانی لە دەنگدانی گشتی وە بەهێچ شێوەیەك دەنگدەرانی دەنگدانی تایبەت ناتوانن لە دەنگدانی گشتی بۆ دووەم جار دەنگ بدەن چونکە لە تۆماری دەنگدانی گشتی ناویان دەرهێنراوە .

**تایبەت بە خالی چوارەم : پێدانی فۆرمی ژمارە (١) بەو هاولاتیانەی کە داوای گواستنەوە یان راستکردنەوە یان زیاد کردن بۆ ناوەکانیان دەکەن ئەمە ئەوە ناگەینێت کە ئەم هاولاتیانە بەم فۆرمە دەنگ بدەن بەلکو پێویستە بەلگەنامە فەرمیەکانیان پێبێت (کارتی نیشتمانی یان رەگەنامە یان پاسپۆرت ) پێبێت و ناوی لە تۆماری دەنگدەران تۆمار کرابێت بۆ ئەوەی دەنگ بدەن .**

**تایبەت بە خالی پێنجەم : کردنەوەی بنکەکانی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران لە ٢١٠٨/٧/١١ تا ٢٠١٨/٨/١١ دواتر ئەو ماوەیە درێژکرایەوە بۆ ٢٠١٨/٨/١٨ بۆ ئەوەی هاولاتیان کاتی زیاتریان لە بەردەم بێت بۆ سەردان کردنی بنکەکان و دلنیابوونیان لە ناوەکانیان شوینی دەنگدانیان .**

**تایبەت بە خالی شەشەم : تۆماری دەنگدەرانی سەرەتایی بە گوێرەی زانیاریە تۆمارکراوەکانی وەزارەتی بازرگانی کاری شیکردنەوەو دابەشکردنیان بەسەر بنکەکان کراوە .هەرچەندە بەڵگە نەخراوەتە ڕوو بەڵام ساڵی لەدایکبوونی سەرووی ٢٠٠٠ ی تێدا نیە .**

**تایبەت بە خالی حەوتەم : لەم خالەدا تەنها زانیاری دراوە لەسەر ژمارەی ئەو کەسانەی کە سەردانی بنکەکانیان کردووە، وە کۆمسیۆن ماوەی نویکردنەوی ترماری دەنگدەرانی درێژکردووە بۆ ئەوەی هاولاتیان زیاتر سەردانی بنکەکان بکەن .**

**تایبەت بە خالی هەشتەم : کۆمسیون لە ماوەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران ئەم ناوانەی سرکردبوو کە نزیکەی (٧٥٤١) دەنگدەر بوون، بەلام دواتر ئەنجوومەنی کۆمسیاران لە کۆبونەوەی رۆژی شەممە رێکەوتی (٢٠١٨/٨/٢٥) بریاریدا کە ئەو ناوانە بگەرێنیتەوە ناو تۆماری دەنگدەران لە هەر پارێزگایەکدا بنکەی تایبەتیان بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی دەنگی خۆیان بدەن و بێ بەش نەبن لە مافی دەنگدان.**

**تایبەت بە خالی نۆیەم : هەموو هاولاتیان بنکەی دەنگدانیان بۆ دانراوە بە گویرەی شوینی جوگرافی و پەیرەو رێکارانی کۆمسیۆن .**

**تایبەت بە خالی دەیەم و یانزدەهەم : ئەو بنکە لاوەکیانەی کە زیاد کراون بەپێی ئەو رێکارانە بووە کە کۆمسیون دایناوە وە هەروەها سەردانی مەیدانی کراوە بو دلنیابوون لە کردنەوەی بنکەی دەنگدان بو هاولاتیان و کارئاسانی بۆیان .**

**تایبەت بە خالی دوانزدەهەم : تایبەت بەو دەنگدەرەی کە دەتوانی لە رێگەی ناسنامەی کەسی (هویە الاحوال المدنیە) دەنگ بدات ، هەروەك لە خالی (٣) لە بەشی شەشەمی پەیرەوەی لەیك جیاکردنەوە و ئەژمارکردنی دەنگەکان ژمارە (٩) سالی ٢٠١٨ هاتووە کە ئەو دەنگدەرانەی کە رەگەزنامی عێراقیان دەرنەهێناوە دەتوانێت رەگەزنامەی عێراقی یان کارتی نیشتمانی باوکی پێبێت لەگەل رەگەزنامەی باری شارستانی ) ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئەو کەسە کە عیراقیەو رەگەزنامەی عێراقی هەیە**

**نەك تەنها لە ڕێگەی ناسنامەوە دەنگ بدات ، وە بۆ ئەو دەنگدەرانەی کە ناویان لە تۆماری دەنگدەران هەیە لەدایك بووی سالی ٢٠٠٠ ن پێویستە ناسنامەیان لەگەل خۆ ببەن بۆ ئەوی بزانرێت کە ئەو دەنگدەرە (١٨) سالی تەواو کردووە یان گەیشتوتە (١٨) ، چونگە بە گوێرەی ماددەی (٢٠) لە یاسای هەلبژاردنی پەرلەمانی کوردستان پێویستە دەنگدەر هەژدە (١٨) سالی تەواو کردبێت .**

**تایبەت بە خالی سیانزدەهەم : سەبارەت بەهەبوونی هەندێك پشێوی و پەرتبوون لە تۆماری دەنگدەران بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو داتایە داتایەکی نوێیەو(سروشتی داتاکە) لە وەزارەتی بازرگانی وەرگیراوە ، بۆیە هەندێك ناوی ئەندامانی یەك خێزان لە بنکەیەکی تری جیاواز دانراون ، وە لە ماوەی نوێکردنەوەی تۆماری دەنکدەراندا ڕێگا دراوە کاری گواستنەوەیان بۆ بکرێت بۆ هەمان بنکە.**

**تایبەت بە خالی چواردەهەم : لەم خالە هیچ بەلگەنامەیەکی پێش کەش نەکراوە بۆیە ئەم خالە ڕەت دەکرێتەوە لەروانگەی پێشکەش نەکردنی بەلگەی سەلمێنەر هەروەك لە خالی (٤) لە بەشی پێنجەمی پەیرەوی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنە ڕووی تانەکان ژمارە (١) سالی ٢٠١٨ هاتووە کە (تانە بە بێ بوونی بەلگەی سەلمینەر وەرناگیرێت و قوورسایی سەلماندنیش دەکەوێتە ئەستۆی تانەگر ).**

**تایبەت بە خالی پانزدەهەم : لە تۆماری دەنگدەران داتای وەزارەتی بازرگانی بەکاهاتووە و کراوەتە بنەما وە ئەم داتایە بەراورد کراوە لە گەل داتای ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەریم (مادەی ١٤٠ ) کە لە فەرمانگەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەریم بە نووسراوی فەرمی وەرگیراوە وە لە کاتی بەراورد کردنی هەردوو داتاکە(١١٩٣٥ ) کەس سراوەتەوە.**

**تایبەت بە خالی شانزدەهەم : لەم خالە هیچ بەلگەنامەیەکی پێش کەش نەکراوە بۆیە ئەم خالە ڕەت دەکرێتەوە لەروانگەی پێشکەش نەکردنی بەلگەی سەلمێنەر هەروەك لە خالی (٤) لە بەشی پێنجەمی پەیرەوی ئامادەکردن و نوێکردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنە ڕووی تانەکان ژمارە (١) سالی ٢٠١٨ هاتووە کە (تانە بە بێ بوونی بەلگەی سەلمینەر وەرناگیرێت و قوورسایی سەلماندنیش دەکەوێتە ئەستۆی تانەگر ).**

**تایبەت بە خالی حەڤدەهەم : ناوی مردوو لە وەزارەتی تەندروستی بەنووسراوی فەرمی وەرگیراوە و بەراورد کراوە لە گەل داتای تۆماری دەنگدەران کە لە وەزارەتی بازرگانی وەرگیراوە ، تەنها ئەو ناوانە سراونەتەوە کە ناوی سیانی و ژمارەی فۆرمی خوراکیان چونیەکە .**

**تایبەت بە خالی هەژدەهەم : تایبەت بە تۆماری دەنگدەرانی پێکهاتەکان کە لەگەل تۆماری دەنگدەرانی گشتیە ، ئەم بابەتە پەیوەندی بە کۆمسیۆنەوە نیە بەلکو پەیوەندی بە پەرلەمانی کوردستانەوە هەیە وە پیویستی بە هەموارکردنی یاسایە بۆ**

ئەوەی ئەم تۆماری پێكهاتەكان لە تۆماری گشتی جیا بكرێتەوە بۆیە كۆمسیۆن سیفەتی تشریعی نیە بەڵكو لایەنی جیبەجیكارە .

تایبەت بە خالی نۆزدەهەم : لەم خالە هیچ بەلگەنامەیەكی پێش كەش نەكراوە بۆیە ئەم خالە رەت دەكرێتەوە لەروانگەی پێشكەش نەكردنی بەلگەی سەلمێنەر هەروەك لە خالی (٤) لە بەشی پێنجەمی پەیرەوی ئامادەكردن و نوێكردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنە رووی تانەكان ژمارە (١) سالی ٢٠١٨ هاتووە كە (تانە بە بیٌ بوونی بەلگەی سەلمینەر وەرناگیرێت و قوورسایی سەلماندنیش دەكەوێتە ئەستۆی تانەگر ).

تایبەت بە خالی بیستەم : لەم خالە هیچ بەلگەنامەیەكی پێش كەش نەكراوە بۆیە ئەم خالە رەت دەكرێتەوە لەروانگەی پێشكەش نەكردنی بەلگەی سەلمێنەر هەروەك لە خالی (٤) لە بەشی پێنجەمی پەیرەوی ئامادەكردن و نوێكردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنە رووی تانەكان ژمارە (١) سالی ٢٠١٨ هاتووە كە (تانە بە بیٌ بوونی بەلگەی سەلمینەر وەرناگیرێت و قوورسایی سەلماندنیش دەكەوێتە ئەستۆی تانەگر ).

تایبەت بە خالی بیست ویەك : لەم خالە هیچ بەلگەنامەیەكی پێش كەش نەكراوە بۆیە ئەم خالە رەت دەكرێتەوە لەروانگەی پێشكەش نەكردنی بەلگەی سەلمێنەر هەروەك لە خالی (٤) لە بەشی پێنجەمی پەیرەوی ئامادەكردن و نوێكردنەوەی تۆماری دەنگدەران و خستنە رووی تانەكان ژمارە (١) سالی ٢٠١٨ هاتووە كە (تانە بە بیٌ بوونی بەلگەی سەلمینەر وەرناگیرێت و قوورسایی سەلماندنیش دەكەوێتە ئەستۆی تانەگر ).

تایبەت بە خالی بیست ودوو : سەرجەم پەیرەو و ریكارەكانی كۆمسیۆن لە سایتی كۆمسیۆن (www.khec.krd) بلاو كراوەتەوە و كاری پیٌ دەكرێت .

ئەنجوومەنی كۆمسیاران
٢٠١٨/٨/٢٩